www.kurdistannet.org
20-5-2003 14:30

به ناوی کوردستانی گەورە !

# پێشەکیەکی داواکراو

**ح. س. سۆران**
soran909@hotmail. com

زۆر لە دۆستان، کە ئەم چەشنە هۆنراوانەی من دەخوێننەوە، لە بە ستێنی هۆنراوەی کلاسیکی کوردیدا، بە چەشنە داهێنانێکی تازەی دادەنێن و ناوی ئەم لەونە هەڵبەستەیان ناوە، هۆنراوەی مێلۆدیک ( مۆسیقادار) . زۆریان دەفەرموون، کاتێک ئەم هۆنراوانە دەبیستین یا دەیانخوێنینەوە، بە بێ ئەوەی کەسێک بڵێ هی کێیە، بۆخۆمان دەزانین تۆ نووسیوتە. هەرئەودۆستانە هەمیشە دەفەرموون، کە کاتێک ئەم هۆنراوانەت پێشکەش کرد، وا باشە بە لەونێک بە ئەو جێگە گەلەی کە ئەو مۆسیقا تایبەتەی هەیە، ئاماژە بکەی، تا رێنوێنیەک بێ بۆ خۆێنەر. منیش لە سەر ویستی ئەو خۆشەویستانە، لێرە دا ئەو جێگەگەلەی هۆنراوەی هەی مەی م بە رەنگی شین نەخشاندوە. لەگەڵ سپاس لە تەواوی دۆستانی هۆگر، بە پێویستی دەزانم بیدرکێنم، کە من بەر لە مێلۆدی بە واتا و پەیامی هۆنراوە گرنگی دەدەم – وتەی پڕ واتا، ئەگەر مۆسیقاشی نەبێ، هەر شازە، بەڵام پێشم وایە، هۆنراوەیەکی پڕ مانا، ئەگەر مێلۆدی ( هەوای مۆسیقا) شی لەگەڵ بێ، چاکتر لە سەر رۆح و دڵ شوێن دادەنێ، هەرووەک گۆرانیەک، کە ئەگەر لەگەڵ مۆسیقادا بیخوێنێنەوە، دڵلاوینترە. دیارە بەکاربردنی وشەی رەسەنیش، سیپاڵی رازەوەی کوردایەتی داکا بە بەر نووسراوە دا.

*هەی مەی (١) ( هۆنراوەی مێلۆدیک) :*

مەیفرۆشی بێ پەرۆشم !پڕ بە دەم هەی مەی بکە
بەیتی مەینۆشی لەبەرکە، رۆژو شەو دەورەی بکە
رو لە خەڵکی مەی پەرەست و هێدی و بێوەی بکە
بۆ فرۆشی کاسەیی مەی، بە هبە هو هەی هەی (٢) بکە
هەل چەلێکە، پیاڵە تێکە، سەرپڕی بادەی بکە
هەر کەسێ ئەفکاری مەی بو ، هەر بە مەی گەورەی بکە
کاڵەبەی ! میزرابی (٣) کەسکت هەڵگرە بەو تارەوە
فەوجی مەوجی نۆت بنێرە، گوممەزی دەووارەوە
داخی قەلبی خۆت بڕیژە، هەرچی بو ، مەیشارەوە
تا مەلەک لە سەر سەفینەی کەوکەب و سەییارەوە
بێن لە کۆلی دەن، بە دەسرۆکە و کڵاوی لارەوە
تۆش کە سەر چۆپی بگێڕە و داوەتی مەی تەی بکە
پۆلی خێڵی کیژە حۆری جامە تەنگی شۆخ و شەنگ
غەرقی پامووورە و پیاسە و پرپرە و پارە و پەرەنگ
مەستی هەستی جامی خەستی شۆڕەمەی خۆش ئاووڕەنگ
رێژەری ئەشکی ئەوینی وەک شەتاوی مەنگی مەنگ
بێنە کۆڕی مەیگوساران، هەڵپەڕن بە دەنگی چەنگ
تۆش لەسەر بەی مەی بنۆشە، دەی دەی و کەی کەی بکە
ساقی و سۆران و موتریب، گەر لەگەڵ مەی یەککەون
نەچنە کۆڕی ئەو کەسانەی هۆگری خەونی شەون
غەیری باغی رەز نەنێن و غەیری هێشو نەدرەون

هەستی شێعری شۆڕە کیژی چاو خەواڵو بشنەون
مەی بگێڕن، نەی بژێنن، بەی بچێژن، نەسرەون
شاددانی غەم بکێشە و ریشەکانی پەی بکە

(۱) هەی مەی = وەراو مەی = مەی دەفرۆشم !.
(۲) بەهبەهو هەی هەی = تەبلیغ = تاریف.
(۳) میزراب = ئەو ئامێرەی، تاری پێ لێ دەدەن.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربرِینی بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرِۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت